# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان




## ڕاپۆرتێک لەبارەی

# گرفتەکانی بەڕێوبەرایەتی گەنجینەی گەرمیان

# بەشی یەکەم: ناساندنی کاری گەنجینەی گەرمیان

## ١. بەڕێوبەرایەتی گەنجینەی گەرمیان چیە؟

بەڕێوبەرایەتی گەنجینەی گەرمیان نوێنەری وەزارەتی داراییە لە گەرمیان بۆ کۆکردنەوەی داهات و تۆمارکردنی خەرجیەکان بەو بەڕێوبەرایەتیانەی مەرکەزین و بەوانەشی لامەرکەزین، هەر بابەتێک پەیوەندیدار بێت بە داهات و خەرجیەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم بەڕێوبەرایەتیە.

بەڕێوبەرایەتی گەنجینەی گەرمیان پێکدێت لە کۆمەڵێک هۆبە، ئەوانیش: (هۆبەی کارگێری و خۆیەتی، هۆبەی ژمێریاری مەرکەزی و لامەرکەزی، هۆبەی وردبینی، هۆبەی ئامار و کۆمپیوتەر، هۆبەی یاسایی، هۆبەی کاروباری رێکخراوەکان، هۆبەی ئەندازە و هونەری، هۆبەی ژمێریاری، هۆبەی کۆگا و هۆبەی سەرپەرشتیاری ژمێریاری).

لە هەمان کاتدا ئەم بەڕێوبەرایەتیە ٣ هۆبەی دارایی هەیە لە قەزای کفری و ناحیەکانی رزگاری و باوەنور.

بەڕێوبەرایەتی گەنجینەی گەرمیان کار بە یاسای «أصول المحاسبات العامة»ی ژمارە ٢٨ی ساڵی ١٩٤٠ی هەموارکراو دەکات.

## ٢. کارەکانی بەڕێوبەرایەتی گەنجینەی گەرمیان

«لە بەڕێوبەرایەتی ٢ دەستەی وردبینمان هەیە، کە ئیشوکاری بەڕێوبەرایەتیەکان رای دەکەین بە مەرکەزی و لامەرکەزیەوە، بۆ هەر دەستەیەک ٥ فەرمانبەر و لێپرسراوێکی هەیە بە کۆی گشتی بە هەردو دەستەکە ١٢ فەرمانبەرین». تارق خالد، لێپرسراوی هۆبەی وردبین لە بەڕێوبەرایەتی گەنجینەی گەرمیان، وای وت.

وتیشی: ئەرکی ئێمە وردبینیکردنی کۆی ئەو نوسراو و پسولە و کارانەیە کە دێتە بەڕێوبەرایەتی، وەک: پێشینەکان، خەرجی راستەوخۆ، لیستی موچە، لیستی خەرجیەکان و داهاتیش.

هاوکات، پەروین رەفیق، سەرپەرشتیاری ژمێریاری لە بەڕێوبەرایەتی گەنجینەی گەرمیان، دەڵێت: لە بەڕێوبەرایەتیمان سەرپەرشتیاری ژمێریاریم بۆ کاری ژمێریاری مەرکەزی و لامەرکەزی بەڕێوبەرایەتیەکان کە دێتە لامان، ئەرکی ئێمە زیاتر لەگەڵ ئەو بەڕێوبەرایەتیانەن کە مەرکەزین و ٤٨ یەکەی ژمێریارییان هەیە، هاوکات وردبینی کاری ئەو بەڕێوبەرایەتیانەش دەکەین کە لامەرکەزین و یەکەی ژمێریاری تایبەت بە خۆیان هەیە.

هێمای بۆئەوەشکرد: کاری ئەو بەڕێوبەرایەتیانەش خۆی لە: (داهات، بودجە، داهاتی بارمتە، پێشینەکان، کاری تۆماری رۆژانە، خەرجیەکان و تەرخان کردنەکان) دەبینێتەوە کە رۆژانە ئەم کارانە ئەنجام دەدەین لە نێو بەڕێوبەرایەتی، دواتر ئەم کارانە کە دەکرێت ئاراستەی بەشەکانی دیکەی وەک: وردبینی، ژمێریاری و کۆمپیوتەر دەکرێت بۆ تۆمارکردنیان، کە ئەمەش بە نزیکەی ٤٠ فەرمانبەر ئەم کارانە ئەنجام دەدەن، دواتر دەکرێت بە چەک و دەنێردرێت بۆ بانک.

دەشڵێت: ئەمە جگە لەوەش مانگانە تەرازوی پێداچونەوەمان هەیە کە هەمو مانگێک دەبێت خەرجی و داهات بەیەکەوە یەکسان بن، ئەگەر گرفتێکیش هەبێت ئەوە دەبێت چاک بکرێتەوە، ئەمە جگە لەوەی پاکتاوی داهاتمان هەیە کۆتایی ساڵ کە دەبێت بنێردرێتەوە بۆ وەزارەت.

لەبارەی ئەو بەڕێوبەرایەتیانەی کە لامەرکەزین کارەکانیان چۆن رایی دەکرێت؟ سەرپەرشتیاری ژمێریاری لە بەڕێوبەرایەتی گەنجینەی گەرمیان جەخت لەوە دەکاتەوە: ئەو بەڕێوبەرایەتیانەی کە لامەرکەزین و یەکەی ژمێریارییان هەیە و داهاتیان راستەوخۆ دەچێتە سەر یەکەی ژمێریاری خۆیان، خۆیان ئەو کارانە ئەنجام ئەدەن و ئێمەش وردبینی دەکەین، ئەرکی ئێمە تەنها تەرخانکردنە بۆیان کە بیانەوێت پرۆژەیەک ئەنجام بدەن و رەزامەندی وەزارەتی خۆیان پێیە، بۆ تەرخانکردنەکەش لەیەکی ژمێریاری ئێمەوە تەرخانکردنی پارەیان بۆ دەخرێتە سەر یەکەی ژمێریاریی خۆیان.

## ٣. کاری هۆبەکانی دارایی

بەڕێوبەری گەنجینەی گەرمیان دەڵێت: جگە لەو هۆبانەی کە لە نێو بەڕێوبەرایەتی بونی هەیە، ٣ هۆبەی دیکەی داراییمان هەیە لە قەزای کفری و ناحیەکانی: رزگاری و باوەنور.

کەنعان جەبار، بەڕێوبەری گەنجینەی گەرمیان، باس لەوەدەکات: بەڕێوبەرایەتیمان ٣ هۆبەی دارایی دیکەی هەیە لە قەزای کفری و ناحیەکانی رزگاری و باوەنور، ئەرکیان تەنها کۆکردنەوەی داهاتە کە لەلایەن هاوڵاتیانەوە رادەست دەکرێت.

وتیشی: ئەمەش بەپێی یاسا و رێنماییەکان بەوشێوەیە.

## ٤. پەیوەندیی فەرمانگەکان لەگەڵ گەنجینەی گەرمیان

فەرمانگە و بەڕێوبەرایەتیەکانی گەرمیان پەیوەندیەکی راستەوخۆیان لەگەڵ بەڕێوبەرایەتی گەنجینەی گەرمیاندا هەیە، ئەو فەرمانگانەش دابەش بون بەسەر دو جۆر مامەڵەدا (مەرکەزی و لامەرکەزی).

### ا. ئەو فەرمانگانەی مەرکەزین

ئەو فەرمانگە و بەڕێوبەرایەتیانەی کە مەرکەزین و ژمارەیان ٤٨ دەزگایە، تەواوی کارەکانیان دەچێتەوە گەنجینەی گەرمیان، چ لە داهات و چ لە خەرجکردن دا، کە ئەمەش بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی بەوشێوەیەیە، هاوکات وردبینیکردن مامەڵەکان و کردنی بەچەک و ئاراستەکردنی بۆ بانک، هەر لەرێگەی گەنجینەی گەرمیانەوەیە.
حازم کەریم، بەڕێوبەری گشتی کارەبای گەرمیان، وتی: پەیوەندیمان لەگەڵ گەنجینە حساب مەرکەزیە و پاکتاوکردنی خەرجیەکانمان لەلای ئەوانە و بوە بە ئۆنلاینیش و لەوێ هەمو داهات کۆدەکرێتەوە.
باسی لەوەشکرد: هەمو کارەکانمان دەڕواتەوە ئەوێ، ئەوەی پەیوەندی بە داهات و خەرجیەوە هەبێت لەوێوە ئاراستەی بانک دەکرێت و دەکرێت بە چەک.
بەهەمان شێوە، ئەکرەم سالْح، سەرۆکی شارەوانی کەلار، دەڵێت: پێشتر هیچ کارێکمان نەچوەتە گەنجینە و وردبینی بۆ بکرێت، تەنها نەسریەی مانگانە نەبێت، بەڵام ئێستا تاڕادەیەک بوە بە مەرکەزی کە پێشتر لامەرکەزی بوە، هەر پسولەیەکیش رۆشتبێتە گەنجینە راستەوخۆ رۆشتوە بۆ بانک.
وتیشی: بەڵام بۆ پرۆژەکان جیاوازە، هەر پرۆژەیەک کە دەکرێت رەزامەندی وەزارەتی بۆ وەردەگرین، ئەگەر پرۆژەکە لە ١٠٠ ملیۆن دینار زیاتربێت، ئەوە راگەیاندنی تەندەرینی بۆ دەکەین و بە تەندەرین وەرئەگیرێت، دواتر بە سولفە بۆی خەرج دەکرێت لە بانک.
هێمای بۆ ئەوەشکرد: لە هەمان کاتدا ئەگەر لەسەر بودجەی شارەوانی بێت وەک پرۆژە خزمەتگوزارییەکان، ئەمەش دو جۆر خەرجی هەیە: یەکێک بۆ پرۆژە خزمەتگوزارییەکانە، ئەوەی دیکەشیان بۆ بودجەی فەرمانگەیە کە هی مانگانەیە، ئەمەش دەڕواتەوە گەنجینە.
«کۆمەڵێک کارمان لەگەڵ بەڕێوبەرایەتی گەنجینەی گەرمیانە، ئەوانیش لیستی موچەی مامۆستایانی میلاک و وانەبێژان، هاوکات کاری خەرجی مانگانەی بەڕێوبەرایەتیمان لەگەڵ ئیفادەکان، ئەمەش بەگوێرەی پسولە دەکرێت کە بەگوێرەی ڕێنماییەکان کاری لەسەر دەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا پارەی تاقیکردنەوەکان کە ئەمەش هەر لە رێگەی گەنجینەوەیە و دەکرێت بە چەک بۆ بانک». ئیسماعیل سەمین، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی کفری، وای وت.
هاوکات، سامان مەحمود، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی نەخشەدانانی ئاوەدانی گەرمیان، دەڵێت: ئێمە سولفەیەکی ٢ ملیۆن دیناریمان هەیە لەگەڵ موچەی کارمەندەکانمان، ئەمەیە پەیوەندی ئێمە لەگەڵ بەڕێوبەرایەتی گەنجینە، هاوکات لەلای ئەوان وردبینی دەکرێت و پسولەکان و داواکارییەکانمان جێبەجێدەکەن لە لیژنە، هاوکات خەرجیەکانیش ئەوان پاکتاوی ئەکەن و دائیەخەن، چونکە مەرکەزین.
وتیشی: ئەو داهاتەشی بۆمان تەرخان دەکرێت ناتوانین خەرجی بکەین، تەنها لە کاتێکدا نەبێت بۆ ئەنجامدانی ماستەرپلانێک یان دروستکردنی نەخشەیەک یان نوێکردنەوەی، ئەوکاتەش دەبێت بە دەرخستەیەک ئاراستەی گەنجینەی بکەین لەوێوە پارەمان بۆ تەرخان دەکرێت.

### ئەو بەڕێوبەرایەتیانەی لە گەرمیان مامەڵەیان لامەرکەزییە

| | | |
|---|---|---|
| بانکی کشتوکاڵی | بانکی خانوبەرە | گومرکی گەرمیان |
| پەیمانگای تەکنیکی | سەرۆکایەتی زانکۆی گەرمیان | تاقیگەی بیناسازیی |
| چاککردن و پاراستنی گەرمیان | چاککردن و پاراستنی خانەقین | رێگاوبانی گەرمیان |
| کشتوکاڵی گەرمیان | ئاوی ژێر زەوی | کۆمپانیای گشتی خۆراک |
| کارەبای کەلار | کارەبای کفری | کارەبای خانەقین |
| نەوت و کانزاکان | پۆستە و گەیاندن | ئاوی دوروبەر |
| ئاوی کەلار | شارەوانیەکانی گەرمیان | ئاوەدانکردنەوە |

## ب. ئەو فەرمانگانەی لامەرکەزین

ئەو بەڕێوبەرایەتیانەی لامەرکەزین و ژمارەیان ٢١ دەزگایە، تەواوی کارەکانیـــان لەلایەن خودی خۆیانەوە ئەنجام دەدرێت چ لە داهات کە دەخرێتە حســاب بانکی تایبــەت بەخۆیان و داخراوە، هاوکات مامەڵەکانیان چ ژمێرکاری بێت چ پسولەکان بێت چ وردبینیکردن بێــت لەلایەن خودی خۆیانەوە ئەنجـام دەدرێت، تەنها کارێک کە دەیانبەستێتەوە بە گەنجینەی گەرمیانەوە تەرخانکردنەکانە، چ بۆ پرۆژەکان و چ بۆ نەسریەی مانگانە و چ بۆ موچە.

عەدنــان خەلیــل، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتــی رێگاوبانی گەرمیان، وتــی: پەیوەندیمان لەگەڵ گەنجینەی گەرمیان لامەرکەزیە و زیاتر بودجــەی ئاســاییمان لەلایەن ئەوانــەوە تەمویــل دەکرێت، بەڵام بودجەی وەبەرهێنانمان لە گەنجینەی ٢ــــی ســلێمانیەوە تەمویل دەکرێت، بۆیە زیاتر پاکتاوی پێشینەکان لەلای خۆمانە.

هێمــای بۆئەوەشــکرد: موچــەی مانگانەمــان لەگــەڵ نەســریەی مانگانەمان لەگەڵ گەنجینەی گەرمیاندایە.

هاوکات، نەوزاد حەمید، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئاوی دەوروبەری گەرمیــان، بــاس لــەوە دەکات: کارەکانــی ئێمە هەمــوی لەگەڵ گەنجینــەی گەرمیانــە، بە جۆرێک تەرخان کردنمــان دەکەوێتەوە ئەوێ کە لە ٪١٧ـــی ئـــەو داهاتەی بۆمان تەرخـــان کراوە بەپێی رێنماییەکانی وەزارەت کە بۆ خۆمان خەرجی ئەکەین.

دەشــڵێت: ئەمەش بە نوســراو کە داوای دەکەین و دەیخەنە سەر حســاب بانکــی خۆمان کە تایبەتــە و لەوێــوە دەتوانین خەرجی بکەیــن، ئەمە جگە لــە موچەی فەرمانبەرەکانمان کە ئاراســتەی گەنجینە دەکرێت و لەوێشەوە بۆ بانک.

«ئێمە لامەرکەزین و پەیوەنیدمان لەگەڵ گەنجینە لیستی موچەیە، کە بۆیان دەنێرین و وردبینی دەکەن، گرفتێک هەبێت چارەسەری دەکەین، تایبەت لە دەرماڵەکاندا کە بۆ فەرمانبەرەکانمان حساب دەکرێــت». خەلیــل بــەرزان بــرزۆ، بەڕێوبــەری بەڕێوبەرایەتــی دابەشکردنی کارەبای کەلار، وای وت.

ســامان رەحیم، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئاوی کەلاریش دەڵێت: هەمــو خەرجیەکان و موچەمــان لەلایەن گەنجینــەی گەرمیانەوە تەرخان کردنمان بۆ دەکرێت، ئێمە سیســتەمی لامەرکەزی پەیڕەو دەکەین، دەبو ســەربەخۆ بوینایە، بەڵام بەهۆی پەســەندنەکردنی بودجــەوە بۆ ماوەی ٩ ســاڵە هەموی بوە بــە مەرکەزی، ئەمەش رۆتینێکی زۆرمان بۆ دروست دەکات لە رایکردنی مامەڵەکان.

### ئەو بەڕێوبەرایەتیانەی لە گەرمیان مامەڵەیان مەرکەزییە

| | | |
|---|---|---|
| گەنجینە | باجی درامەت | باجی خانوبەرە |
| خانوبەرەی میریی | خانەشینی | مەرزی پەروێزخان |
| پەروەردەی گەرمیان | پەروەردەی کفری | پەروەردەی خانەقین |
| پەروەردەی کەلار | پەیمانگای هونەرەجوانەکان | پەیمانگاکانی گەرمیان |
| ئیدارەی گەرمیان | قایمقامیەتی کەلار | قایمقامیەتی کفری |
| قایمقامیەتی خانەقین | پۆلیسی گەرمیان | رەگەزنامەی گەرمیان |
| بەرگری شارستانی | پۆلیسی دارستان | بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی |
| هاتوچۆی گەرمیان | پۆلیسی چالاکیە مەدەنییەکان | رۆشنبیری و هونەر |
| کتێبخانە گشتییەکان | وەرزشی گەرمیان | لاوانی گەرمیان |
| شوێنەوار | گەشتوگوزار | نەخشەدانان |
| گواستنەوە | ئامار | تەندروستی |
| ژینگە | کشتوکاڵی کەلار | ڤێتێرنەری گەرمیان |
| دارستان و پاوان | ئاودێریی | داواکاری گشتی |
| تۆمارکردنی خانوبەرە | چاودێریی بازرگانی | چاودێری کۆمەڵایەتی |
| بەکارخستنی گەرمیان | مافی مرۆڤ | کارەبای گەرمیان |
| ئەوقاف | شەهیدان و ئەنفالکراوان | وەبەرهێنان |

## ٥. ڕادەستکردنی داهاتی بەڕێوبەرایەتیەکان

بەپێی وتەی بەشێک لە بەڕێوبەرەکان لە سنوری گەرمیان، ئەو داهاتەی کە لە فەرمانگەکان کۆدەکرێتەوە بە پسولەی (٣٧ ئەلیف) ڕادەستی بانک دەکرێت، بەڕێوبەری گەنجینەی گەرمیانیش دەڵێت، ئەو داهاتە بە پسولەی (٣٥ ئەلیف) ڕادەستی بانک دەکرێت.
ئەکرەم ساڵح، سەرۆکی شارەوانی کەلار، دەڵێت: ئێمە یەکەی ژمێریاری تایبەت بە خۆمان هەیە کە چەن یەکەیەکە، ئەوانیش: یەکەی داهات، فرۆشتنی زەوی و وەرگرتنی پارەی تۆمارکردنی موڵک، هەر داهاتێک دێتە شارەوانی ڕاستەوخۆ دەچێتە سەر ئەو حساب بانکیە ئەویش بە پسولەی (٣٧ ئەلیف)، ڕۆژانەش داهات ڕادەست دەکەین.
هاوکات، حازم کەریم، بەڕێوبەری گشتی کارەبای گەرمیان وتی: یەکەی ژمێریاری تایبەت بە خۆمان هەیە لە بانکی کەلار و هەفتانەش هەر بڕە پارەیەک بێتە بەردەستمان ئەوە ڕاستەوخۆ بە پسولەی (٣٧ ئەلیف) ڕادەستی بانکی دەکەین، ئەمە جگە لەوەی چەند دانەیەکی دیکەی حساب بانکی دیکەمان هەیە بۆ نمونە هی وەبەرهێنان لەگەڵ هەر پرۆژەیەک کە ئەنجامی بدەین دەبێت نوسراو بۆ گەنجینە بکەین ئەوکات دەتوانین پارە وەربگرین لە بانک.
وتیشی: بەڕێوبەرایەتیەکانی دابەشکردنی کارەبای قەزاکانیش حساب بانکی خۆیان هەیە و ڕادەستی دەکەن.
«ئێمە بە پسولەی (٣٧ ئەلیف) داهات ڕادەستی بانک دەکەین، دواتر ئاراستەی وەزارەتی کارەبای دەکەین». خەلیل بەرزان برزۆ، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی دابەشکردنی کارەبای کەلار، وای وت.
نەوزاد حەمید، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئاوی دەوروبەری گەرمیان، باس لەوە دەکات: هەمو ئەو داهاتانەی کە دێتەوە بەڕێوبەرایەتیمان بە پسولەی (٣٧ ئەلیف) ڕادەستی گەنجینەی ئەکەین و لەوێشەوە بۆ یەکەی ژمێریاری تایبەت بە خۆمان کە لە بانکدایە.
هێمای بۆ ئەوەشکرد: ئێمە پارەی ئاو کۆمپانیای ئۆرانۆس کۆی دەکاتەوە، ئەوەشی کە دێتەوە لای ئێمە پارەی هاوبەشی ئاوە لەگەڵ ئەو قەرزانەی کە هەیە، ئەویش لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا دەبێت ڕادەستی گەنجینە بکرێت، ئەگەرچی هەندێکجار دەچێتە چەند ڕۆژێک.
لە بەرامبەردا، کەنعان جەبار، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی گەنجینەی گەرمیان، وتی: هەمو بەڕێوبەرایەتیەکان بە پسولەی (٣٧ ئەلیف) داهات وەردەگرن، هاوکات بە پسولەی (٣٥ ئەلیف) دەخرێتە بانکەوە، گەنجینەش بە پسولەی (٣٤ ئەلیف) داهات وەردەگرین کە تەنها ئێمە کار بەو پسولەیە ئەکەین، هاوکات بە پسولەی (٣٥ ئەلیف) دەخرێتە بانکەوە.
جەتی لەوەکردەوە: تەنها ئەمین سندوقی گەنجینە بە پسولەی (٣٤ ئەلیف) داهات وەردەگرین.
جیاواز لەو بەڕێوبەرایەتیانەی کە داهاتیان هەیە هەندێک لە بەڕێوبەرایەتیەکان داهاتیان نیە، ئەوەی هەیە تەنها تەرخانکردنیان بۆ ئەنجام دەدرێت.
ئیسماعیل سەمین، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی کفری، وتی: یەکەی ژمێریاری تایبەت بە خۆمان هەیە لەگەنجینە، بەپێچەوانەوەی فەرمانگەکانی دیکە هیچ داهاتێکمان نیە ڕادەستی بانکی بکەین، پارەیەکیش نیە بە ناوی ئێمەوە دانرابێت، بۆیە ئێمە ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ وەزارەت دەکەین.
هاوکات، سامان مەحمود، بەڕێوبەری نەخشەدانانی ئاوەدانی گەرمیان دەڵێت: ئێمە تاوەکو ئێستا داهاتمان نەبوە، بەڵکو بە ڕەزامەندی لایەنەکان بڕیاردراوە مانگانە لە ١٪ی کۆی گوژمەی داهاتی شارەوانیەکان بۆ ئێمە بێت و بخرێتە سەر حساب بانکیمان کە بۆ ماوەی چەند مانگێک دەبێت کردومانەتەوە، ئەگەرنا وەکخۆمان هیچ داهاتێکمان نیە تاوەکو ڕادەستی بکەین.

»
**هەمو بەڕێوبەرایەتیەکان بە پسولەی (٣٧ ئەلیف) داهات وەردەگرن، هاوکات بە پسولەی (٣٥ ئەلیف) دەخرێتە بانکەوە**
«

## ٦. جگە لە ڕاییکردنی مامەڵەی فەرمانگەکان کاری کۆمپانیاکانیش دەچێتە گەنجینە

جگە لە ڕاییکردنی کاروباری فەرمانگە حکومیەکان، هەندێک کاری دیکەش دەڕواتە گەنجینەی گەرمیان بۆ تەمویلکردن، یەکێک لەوانە کۆمپانیاکانە.
کەنعان جەبار، بەڕێوبەری گەنجینەی گەرمیان، باس لەوەدەکات: جگە لە کارەکانی فەرمانگەکان، هەندێک کاری دیکەش دێتە لامان، یەکێک لەوانە کارەکانی کۆمپانیاکانە، بۆنمونە کۆمپانیای پاککردنەوەی بەشە ناوخۆیەکانی زانکۆی گەرمیان، کاری تەمویلکردنیان «پارەپێدانیان» دێتە لای ئێمە و بە چەک لە بانک پارە وەردەگرن.
وتیشی: جگە لەمانە کاروباری فەرمانبەران کە خانەنشین دەبن، ئەوەش دێتەوە لای ئێمە، لەگەڵ وەرگرتنی پاداشتی مۆڵەتە کۆکراوەکانیان، ئەمە جگە لە وەرگرتنەوەی پێشینەی هاوسەرگیریش.

## ٧. بەڕێوبەرایەتیەکان بە هەژماری بانکیەوە گرێدراون

هەر بەڕێوبەرایەتیەک هەژماری (حساب) بانکی تایبەت بە خۆی هەیە، بەجۆرێک لە سنوری گەرمیان ٤٩ حساب بانکی مەرکەزی و ٢١ حساب بانکی لامەرکەزی بونی هەیە لە بەڕێوبەرایەتی گەنجینەی گەرمیان.
سامان رەحیم، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئاوی کەلار دەڵێت: وەک هەر پارەیەک کە دێتە بەڕێوبەرایەتیمان راستەوخۆ سپاردنی بۆ دەکرێت بۆ سەر هەژماری بانکی کۆتایمان کە تایبەتە بە خۆمان. وتیشی: دواتر لەو داهاتەی کە دەستمان دەکەوێت بە رەزامەندی وەزارەتی شارەوانی تەرخانکردنمان بۆ دەکرێت بە رێژەی ١٧٪ لەلایەن گەنجینەی گەرمیانەوە، بۆ هەژماری تایبەتی خۆمان.
«ئێمە ٣ یەکەی ژمێریاری بانکی تایبەت بەخۆمان هەیە، یەکەی ٩٠٦ تایبەتە بە خۆمان و یەکەیەکی ئاساییە، هاوکات یەکەی ٥٠٩٧ تایبەتە بە موچە، یەکەی ژمێریاری بانکی تایبەت بە داهاتمان هەیە ئەمەش داخراوە، کەس ناتوانێت دەستکاری بکات و لە بانکی گەرمیانە، ناتوانین خەرجی بکەین تاوەکو رەزامەندی وەزارەتی دارایی و کارەبای بۆ وەرنەگرین بۆ هەر پرۆژەیەک، لەبەر ئەوەی لامەرکەزین». خەلیل بەرزان برزۆ، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی دابەشکردنی کارەبای کەلار، وای وت.
هێمای بۆ ئەوەشکرد: گەنجینەی گەرمیان تەنها دەتوانن تەرخانکردنمان بۆ بکەن، ئەگەرنا هەمو کارەکان لەلای خۆمانە.
شادیە حسێن، بەڕێوبەری گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، هێمای بۆ ئەوەکرد: بەڕێوبەرایەتی گشتیمان لەگەڵ کەلار یەکەی ژمێریاری تایبەت بە خۆمان هەیە کە ٢ یەکەی ژمێریاریە، ئەوەی ئێمە لامەرکەزیە و دەسەڵاتێکی رەها ترمان هەیە، بەجۆرێک دوای تەواوکردنی داتا و رێکخستنەوەی پێشینەکان مانگانە دەچێتەوە گەنجینەی گەرمیان، دواتر پاکتاوکردنی داهاتمان هەیە کە مانگانە ئەنجامی ئەدەین و ئاراستەی بانکی گەرمیانی دەکەین، بۆ هەر پرۆژەیەکیش ئەوانە تەرخانکردنمان بۆ دەکەن، ئەگەرچی دەسەڵاتی خەرجکردنی ٢ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار دینارمان هەیە.
دەشڵێت: چەند یەکەیەکی ژمێریاریمان هەیە، یەکەی ٤٧٣٥ تایبەتە بە پێشینەی مانگانە و سەرجەم خەرجیەکان کە لە بانکی کەلارەوە تەواو دەکرێن، هاوکات یەکەی ٤٧٣٤ تایبەتە بە داهات و ئەمانات، لەگەڵ ئەوەشدا یەکەی ٤٦٢١ تایبەتە بە موچە و ئەو مافانەی کە بۆ فەرمانبەران هەیە، لە هەمان کاتدا یەکەی ١٠٥٧ تایبەتە بە بنەتۆی جوتیاران لە دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندە.
باسی لەوەشکرد: ئەمە بۆ بەڕێوبەرایەتی کشتوکاڵی کەلار جیاوازترە و دەسەڵاتیان دیاریکراوە، دەسەڵاتی خەرجکردن و تەرخانکردن هەموی لە گەنجینەی گەرمیانەوەیە، بەڵام کاری ئێمە لەلای گەنجینە تەنها تەرخانکردنە.
عەدنان خەلیل، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی رێگاوبانی گەرمیان وتی: ئێمە یەکەی ژمێریاری بانکیمان هەیە، بەڵام داهاتمان نیە رادەستی بکەین، ئەوەی هەیە تەمویلەکانە دەخرێتە سەر حساب بانکیمان.

## ٨. کارەکانی بەڕێوبەرایەتی گەنجینە بە لیژنە ئەنجام دەدرێت

بەڕێوبەرایەتی گەنجینەی گەرمیان کارەکانی بە لیژنە ئەنجام دەدات لە نێو خودی بەڕێوبەرایەتیەکە، جگە لەمەش نوێنەریان لە کۆی ئەو لیژنانەدا هەیە کە لە فەرمانگەکان پێکهێنراون بۆ هەندێک لە کارەکان.
کەنعان جەبار، بەڕێوبەری گەنجینەی گەرمیان باس لەوەدەکات: کارەکانمان بە لیژنە ئەنجام دەدەین، وەک خۆمان ٤ لیژنەمان هەیە کە تایبەتن بە: (لیژنەی دابەشکردنی موچە، لیژنەی کڕین، لیژنەی هونەری، لیژنەی پلەبەرکردنەوە و سەرە موچە و دەرماڵەکان)، ئەم لیژنانەش هەریەکی لە ٣ ئەندام پێکهاتوە.
وتیشی: ئەمە جگە لەوەی ئەندامامان هەیە لە کۆی ئەو لیژنانەی کە لە بەڕێوبەرایەتیەکان پێکدەهێنرێت، ئەوانیش: (خەمڵاندن، فرۆشتن، تەندەرین، باجی خانوبەرە، شیکردنەوەی تەندەر و... هتد).

## ٩. گەنجینە داهاتی ئاشکرا ناکات

یەکێک لەو گرفتانەی کە هەن، ناڕونی و پێنەدانی زانیارییە لەسەر داهات لەلایەن فەرمانگە حکومیەکانەوە، ئەمەش بە کۆمەڵێک پاساوی جیاواز، لەوانە: وەزارەتەکان رەزامەندنین کە زانیاری لەسەر داهات بڵاوبکرێتەوە.
دوای چەند جارێک سەردانکردنی بەڕێوبەریەتی گەنجینەی گەرمیان، وەکخۆیان باسیان لەوە کرد: راگەیاندنی داهات لە دەسەڵاتی ئەواندا نیە، بەڵکو لە دەسەڵاتی وەزارەتی دارایی دایە، بۆیە بەو پاساوە ئامادەنەبون هیچ داتایەک لەبارەی داهاتەوە رابگەیەنن.

## ١٠. ڕۆژانە داهاتی فەرمانگەکان ڕادەست دەکرێت

«ڕۆژانە داهاتی کۆی ئەو فەرمانگانە ڕادەست دەکرێت لەلایەن ئەمین سندوقەکانی بەڕێوبەرایەتیە مەرکەزیەکان کە ژمارەیان ٤٨ بەڕێوبەرایەتیە و حساب بانکیان هەیە». کەنعان جەبار، بەڕێوبەری گەنجینەی گەرمیان، وای وت.
وتیشی: هاوکات لامەرکەزیەکان ئەو داهاتەی کە هەیانە ناخرێتە سەر حساب بانکی گەنجینە، بەڵکو دەخرێتە سەر حساب بانکی تایبەت بە خۆیان کە لە بانکدا هەیە.
هێمای بۆ ئەوەشکرد: داهاتەکان بە پسولەی (٣٧ ئەلیف) لە هاوڵاتیان وەردەگیرێت و بە پسولەی (٣٥ ئەلیف) دەخرێتە بانکەوە و بە پسولەی (٣٥ ئەلیف) داخڵی حساب بانکی تایبەتی گەنجینە دەکرێت کە تەنها ئێمە بەو پسولەیە کاردەکەین.
جەختی لەوەشکردەوە: هەمو مانگێک ئەو داهاتە بە مەرکەزی و لامەرکەزیەوە دەخرێتە سەر حساب بانکی ئاشتی لە سلێمانی کە هی حکومەتی هەرێمە، هاوکات هەمو داهات و خەرجیەکیش هی وەزارەتی داراییە.



## ١١. پەیوەندی فەرمانگەکان لەگەڵ گەنجینەدا چۆنە؟

بەپێی وتەی بەشێک لە بەڕێوبەران، پەیوەندیەکی باشیان لەگەڵ بەڕێوبەرایەتی گەنجینەی گەرمیاندا هەیە بۆ ڕاییکردنی مامەڵەکانیان، ئەوەی گرفتە نەبونی پارەیە لە بانکدا کە چەکەکانیان وەکخۆی دەمێنێتەوە یان دوا دەکەوێت لە خەرجکردن.
حازم کەریم، بەڕێوبەری گشتی کارەبای گەرمیان، وتی: پەیوەندیەکی باشمان لەگەڵ گەنجینەدا هەیە و هاوکارێکی باشی ئێمەن، هەر گرفتێکیش هەبوبێت چارەسەرکراوە بەگوێرەی ئەو ڕێنمایانەی کە هەیە و نەبونەتە ئاستەنگ بۆ ئێمە.
ئەکرەم سالح، سەرۆکی شارەوانی کەلار، دەڵێت: پەیوەندیەکی باشمان هەیە لەگەڵ بەڕێوبەرایەتی گەنجینە بۆ ڕاییکردنی کارەکان کە پەیوەندیدارن بەوانەوە، تەنانەت کە وردبینی دەکەن گرفتێک هەبێت بۆمان دەگەڕێننەوە بۆ چاککردنی.
وتیشی: ئەوەی گرفتە بۆ ئێمە پارەی نەختینەیە کە لە بانکدا نیە نەک گەنجینە، ئەو مامەڵانەی کە ئەچێتە گەنجینە ئەوان ئەیکەن بە چەک و ئەڕواتە بانک، ئەوانیش نەسرییەی فەرمانگەیە، بۆ نمونە ئێمە مانگانە ٢٥ ملیۆن دینارە.
نەوزاد حەمید، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئاوی دەوروبەری گەرمیان، باس لەوە دەکات پەیوەندیەکی باشیان هەیە لەگەڵ گەنجینە، ئەگەرچی هەندێکجار کێشەی ژمێریاری دەبێت، بەڵام وەکخۆی وتی: بەو شێوەیە نەبوە ببێت بە کێشە، چونکە گەنجینەش بەپێی ئەو ڕێنمایی کار دەکات کە بۆیان هاتوەتە خوارەوە لەلایەن وەزارەتی داراییەوە.
دەشڵێت: هەمو خەرجیەک دەبێت بچێتەوە وەزارەتی دارایی و دەبێت پابەندیش بن.
بەهەمان شێوە، عەدنان خەلیل، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ڕێگاوبانی گەرمیان، وتی: وەک گەنجینەی گەرمیان هیچ گرفتێک نیە، بەڵکو ئەوەی هەیە سیستەمەکەیە کە گرفتی دروست کردوە، چونکە لامەرکەزیین، بۆ نمونە پێشتر داوای تەمویلی هەر پرۆژەیەکمان بکردایە ڕاستەوخۆ بۆمان دەکرا، بەڵام لە ئێستادا کە بوە بە ئۆنلاین و بەپێی ڕێنمای ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠١٦ دەبێت سەرەتا داوای ٪٢٠ی تەمویل بکرێت دواتر ٪٨٠ەکەی داوا بکرێت.
وتیشی: هەمو ئەمانە دەبێت بڕواتەوە بەڕێوبەرایەتی گشتی ژمێرکاری هەرێم، کە ئەمە گرفتە.
«پەیوەندیمان لەگەڵ گەنجینە باشە و یارمەتیدەرمانن، بەڵام بەهۆی ڕۆتینی زۆرەوە کە دروست بوە هەندێکجار ئیشەکانمان دوا دەکەوێت، ئەگەرچی ئێمە سیستەمی لامەرکەزی پەیڕەو دەکەین و زۆربەی کارەکان لەلای خۆمانە«. سامان ڕەحیم، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئاوی کەلار وا دەڵێت.
لە بەرامبەردا، کەنعان جەبار، بەڕێوبەری گەنجینەی گەرمیان باس لەوەدەکات: پەیوەندیمان لەگەڵ فەرمانگە حکومیەکان باشە و هیچ گرفتێکمان نیە، ئەگەرچی هەندێکجار تێبینی لەسەر کارەکانیان هەیە بەمەبەستی چاککردن.
لەبارەی کێشەکانی پەیوەست بە بانکی گەرمیانیشەوە، بەڕێوبەری بانکی گەرمیان، ئاریا ئەنوەر، وتی: هەمو ئەو چەکانەی کە لە گەنجینەوە ڕەوانەی ئێمە دەکرێت بە مەبەستی خەرجکردنی، ڕایی دەکەین، بەڵام کە دوادەکەوێت پەیوەندی بە کێشەی نەبون و کەمی پارەی نەختینەوە هەیە لە بانک دا.

# بەشی دوەم: بەڕێوبەرایەتی گەنجینەی گەرمیان و کێشەکانی

## ١. کەمی فەرمانبەر

بەکۆی گشتی لە بەڕێوبەرایەتی گەنجینەی گەرمیان بە هەرسێ هۆبەی داراییەوە لە قەزای کفری و ناحیەکانی رزگاری و باوەنور، ٩١ فەرمانبەر هەن.
کەنعان جەبار، بەڕێوبەری گەنجینەی گەرمیان، باس لەوەدەکات: لە سنوری بەڕێوبەرایەتیمان ٩١ فەرمانبەر بونی هەیە بە هەر سێ هۆبەی داراییمان لە قەزای کفری و ناحیەکانی رزگاری و باوەنوریش، لەو رێژەیەش ١٤ یان گرێبەستن و ٤ دانەشیان مۆڵەتی بێموچەیان هەیە.

## ٢. کەمی پسپۆڕیی لە فەرمانبەران

بەڕێوبەرایەتی گەنجینەی گەرمیان جیاواز لە فەرمانگەکانی دیکە پێویستی بە پسپۆڕی تایبەتە بە ژمێریاری، چونکە وەکخۆیان دەڵێن هەمو کارەکانی ئەوان ژمارەیە و پێویستی بە ژمێریارە، ئەم پسپۆڕییەش لە بەڕێوبەرایەتیەکەدا کەمە.
کەنعان جەبار، بەڕێوبەری گەنجینەی گەرمیان، باس لەوەدەکات: یەکێک لەو گرفتانەی کە هەمانە کەمی پسپۆڕییە لە بەشەکان بەتایبەت ژمێریاری کە کۆڵەکەی بەڕێوبەرایتیەکەیە و کارەکانیشمان هەموی ژمێریارییە، تەنانەت ئەوانەشی کە لە بەشی وردبینین پێویستە پسپۆڕییان ژمێریاری بێت، لە کاتێکدا دەبێت زۆرترین فەرمانبەرمان ئەو پسپۆڕیە بێت.
لە کۆی ٩١ فەرمانبەرەکەی گەنجینەی گەرمیان، ٢٥ دانەیان پسپۆڕیی ژمێریارین (١٧ هەمیشەیی و ٨ گرێبەست).

## ٣. کارکردن بە سیستەمی ئیلیکترۆنی

«سیستەمی کۆمپیوتەر بۆ هەمو کارەکان بەکار دەهێنین بەتایبەت بۆ تۆمارەکان بە کاغەز و کۆمپیوتەریش کار دەکەین، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرینەی کارەکانمان بوە بە ئۆنلاین کە هەرچی خەرجی هەیە جگە لە موچە، لەو سیستەمە ئۆنلاینە داخڵ دەکەین».
کەنعان جەبار، بەڕێوبەری گەنجینەی گەرمیان وای وت.
دەشڵێت: هەمو گەنجینەکان لە کوردستان پەیوەندیمان هەیە پێکەوە، هەمو مانگێک داهات و خەرجی تۆمار دەکەین، دواتر دەینێرینە بەشی ژمێرکاری مەرکەز، ئەمە بۆ ئەو بەڕێوبەرایەتیانەیە کە مەرکەزین، بەڵام لامەرکەزیەکان خۆیان ئەو کارانە ئەنجام دەدەن.
وتیشی: هاوکات داهاتیش بە سیستەمێکی دیکەیە بەسەرپەرشتی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەکرێت.
جەختی لەوەشکردەوە: لە ئێستادا گرفتی کەمی کۆمپیوتەرمان هەیە و داوای نزیکەی ١٠ کۆمپیوتەرمان کردوە بۆمان دابین بکەن، چونکە بەرنامەی نێتۆرکینگ بەکاردەهێنین.

## ٤. گرفتی بینا

یەکێک لەو کێشانەی روبەروی بەشێک لە بەڕێوبەرایەتیەکان بوەتەوە، نەبونی بینا تایبەت بە خۆیانە، بەڕێوبەرایەتی گەنجینەی گەرمیانیش لەو کێشەیە بەدەر نین.
کەنعان جەبار، بەڕێوبەری گەنجینەی گەرمیان، باس لەوەدەکات: بینای خۆمان نیە و لە نهۆمێکی بینای بانکی کەلار داین، گرفتی بینامان هەیە، نەبونیشی کێشەی زۆری بۆ دروست کردوین، چونکە ژورەکانمان کەمن و کۆگامان نیە بۆ دانانی دۆسیەکان و شتومەک، ناچاربوین بە رەزامەندی وەزارەتی دارایی شوێنی دیکەمان بە کرێ گرتوە و پاسەوانمان بۆ دابین کردوە.
وتیشی: لە ساڵی ٢٠١٤ زەویمان بۆ تەرخان کرا لەگەڵ باجەکانی دیکە بینایەکمان بۆ دروست بکەن، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە راگیرا، ئەگەرچی لە کۆتا قۆناغ بو بۆ دەستبەکاربون.

## ٥. گرفتی ئۆتۆمبیل

«١ ئۆتۆمبێلمـان هەیـە و مۆدیـل کۆنـە کە هی سـاڵی ٢٠١٣یە ، یـەک ئۆتۆمبێـل بـۆ بەڕێوبەرایەتیمـان کەمـە، چونکـە ئێمە لیژنەمان هەیە و بەردەوام دەرچونیان هەیە، چونکە لە لیژنەکانی بەڕێوبەرایەتیەکانـی دیکـەدا نوێنەرمان هەیـە» . کەنعان جەبار، بەڕێوبەری گەنجینەی گەرمیان، وای وت.

وتیشی: ئەمە جگە لەوەی ئەو ئۆتۆمبێلەش وەک بەڕێوبەر بەکاری دەهێنم، بۆیە پێویستە ئۆتۆمبێلی دیکەمان بۆ دابین بکەن.

## ٦. مەترسی لەناوچونی دۆسیەکان

بەڕێوبەری گەنجینەی گەرمیان، دەڵێت: ئەو تۆمارانەی کە هەمانە بەهۆی نەبونی شوێنی تایبەت بردومانەتە دەرەوەی بەڕێوبەرایەتی، لەگەڵ ئەوەشـدا مەترسـی لەناوچونیان هەیە بە هەر روداوێک کە روبدات، لەگەڵ ئەوەشدا وێنەیان لە وەزارەتی دارایی بونی هەیە. کەنعان جەبـار، بەڕێوبەری گەنجینەی گەرمیان باس لەوەدەکات: شـوێنی تایبەتمان نیە بە هەڵگرتنی دۆسـیەکان و تۆمارەکان کە رۆژانە مامەڵەکان تۆمار دەکرێن، ناچاربوین بەشـێکی زۆریمان بە رەزامەندی وەزارەتی دارایی بردوەتە دەرەوەی بەڕێوبەرایەتی.

دەشڵێت: مەترسی لەناچونیان هەیە لە ئەگەری ئاگرکەوتنەوەیەک یـان هەر روداوێک کـە روبدات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا هەمو ئەو تۆمارانـە وێنەیـان لە وەزارەتـی دارایی بونی هەیـە، هاوکات لە سیستەمی کۆمپیوتەریش داتا بەیسە.

## ٧. بونی فشاری زۆر لەسەر بەڕێوبەرایەتی گەنجینە

وەک فەرمانبەرانی گەنجینەی گەرمیان باسـی لێوەدەکەن، رۆژانە بۆ راییکردنی کارەکانیان لۆدێکی زۆریان لەسەرە، لەگەڵ ئەوەشدا فەرمانبەریان وەکپێویست نیە، بەتایبەت بۆ بەشی وردبینی.

تارق خالد، لێپرسراوی هۆبەی وردبین لە بەڕێوبەرایەتی گەنجینەی گەرمیـان، باس لـەوە دەکات: رۆژانە لۆدێکی زۆرمان لەسـەر بۆ راییکردنی کارەکان، چونکە ٧٢ یەکەی ژمێریاری فەرمانگەکانمان لەلایـە، ئـەم فەرمانبەرانەشـی کە هەیە بەس نین بـۆ راییکردنی مامەڵـەکان، بەڵکـو پێویسـتمان بـە ٣ فەرمانبەر هەیـە بۆ هەر دەسـتەیەک لـە وردبینـی، لەبەر ئـەوەی دو ئیشـمان هەیە هەم کاغـەز هـەم ئۆنلاینیش، هەر کاغەزێک کـە دێتە لامان دەبێت بە ئۆنلاینیش تۆمار بکرێت.

هاوکات، پەروین رەفیق، سەرپەرشتیاری ژمێریاری لە بەڕێوبەرایەتی گەنجینـەی گەرمیان، دەڵێـت: رۆژانە لۆدێکی زۆرمان لەسـەرە، چونکـە کاری یەکـەی ژمێریـاری فەرمانگەکان رایـی دەکەین کە مەرکەزین، لەگەڵ ئەوەشدا کاری ئەو بەڕێوبەرایەتیانەش وردبینی دەکەیـن کـە لامەرکەزین و یەکـەی ژمێریاری تایبـەت بە خۆیان هەیە.

لـە بەرامبەردا، کەنعان جەبـار، بەڕێوبـەری گەنجینەی گەرمیان جەخت لەوە دەکاتەوە: «رۆژانە لۆدێکی زۆرمان لەسەرە، چونکە کاری تەواوی فەرمانگە حکومیەکان دێتە لای ئێمە، بەجۆرێک ٧٢ حساب بانکیمان هەیە».

## ٨. کەمیی خولی راهێنان بۆ فەرمانبەران

بەشـێک لە فەرمانبەرانی بەڕێوبەرایەتی گەنجینەی گەرمیان باس لەوەدەکەن، کردنەوەی راهێنانی بەرزکردنەوەی توانای فەرمانبەران گرنگە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەزمونیش گرنگە بۆ فەرمانبەر.

تارق خالد، لێپرسراوی هۆبەی وردبین لە بەڕێوبەرایەتی گەنجینەی گەرمیـان، بـاس لـەوە دەکات: «وەک خـۆم ١ جـار راهێنانـی بەرزکردنەوەی توانـی فەرمانبەرانم بینیوە، کردنەوەی راهێنانیش بۆ فەرمانبەرانی وردبین بە تایبەتی زۆر گرنگە، لەگەڵ ئەوەشـدا ئەزمون زۆر گرنگە».

هاوکات، پەروین رەفیق، سەرپەرشتیاری ژمێریاری لە بەڕێوبەرایەتی گەنجینەی گەرمیان ،دەڵێت: راهێنان گرنگە بۆ فەرمانبەران چەند گرنگـە هێنـدەش ئەزمون گرنگـە، چونکە هەندێکجـار خولەکان دەبینیت وەک ئەزمونەکە سودی نەبوە بۆت، بۆیە کارکردن گرنگە لەگەڵ گرنگیدان بەو کارەی کە دەیکەی.

لـە بەرامبـەردا، کەنعان جەبار، بەڕێوبـەری گەنجینەی گەرمیان، بـاس لەوەدەکات: کردنـەوەی راهێنان بـۆ بەرزکردنەوەی توانای فەرمانبـەران گرنگە و بەهای خۆی، بـەڵام کاتی ئەوێت، ئێمەش بەهۆی کەمی فەرمانبەرەوە ناتوانین بە زۆری بەشداری ئەو راهێنانە بکەیـن کە دەکرێنەوە، بۆ نمونە لە ئیدارەی گەرمیان ئامادەکاری دەکرێـت بۆ کردنـەوەی راهێنان و فەرمانبەرێکم بەشـدار دەبێت تێیدا، لە ئێسـتاوە خەم دایگرتوم چۆن ئەو بۆشاییە پڕبکەینەوە کە ئەو دەڕوات.

# بەشی سێیەم: دەرەنجام و راسپاردەکان

## یەکەم: دەرەنجام

- بەڕێوبەرایەتی گەنجینەی گەرمیان، یەکێکە لە بەڕێوبەرایەتیە گرنگەکانی بواری دارایی و ژمێریاریی لە سنورەکەدا و گرێدراوە بە وەزارەتی دارایی هەرێمەوە، هەر بابەتێک پەیوەندیدار بێت بە داهات و خەرجیەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم بەڕێوبەرایەتیە و کاری پاکتاوی داهات و خەرجی و هەمو بابەتێکی پەیوەست بە لایەنی دارایی فەرمانگە حکومییەکان و هەندێک لەو کۆمپانیایانەش کە ئیش لەگەڵ حکومەتدا دەکەن، بەڕێوەدەبات.

- بەڕێوبەرایەتیەکە جگە لە بنکەی سەرەکیی لە کەلار، لە قەزای کفری و ناحیەکانی باوەنور و رزگارییش، بنکەی هەیە، تێکڕاش ٩١ فەرمانبەری هەیە کە بەسەر بنکە و هۆبە جیاوازەکاندا دابەش بون. بەڕێوبەرایەتیەکە بینای تایبەت بەخۆی نییە بنکە سەرەکییەکەی لە کەلار لە بینای بانکی گەرمیان دایە.

- سەرجەم دامودەزگا حکومییەکان بۆ رایی‌کردنی مامەڵەی داراییان پەیوەستن بە بەڕێوبەرایەتی گەنجینەی گەرمیانەوە، هەندێکیان کە ژمارەیان (٤٨) دەزگایە بە شێوەی مەرکەزیی و هەندێکی تریشیان کە ژمارەیان (٢١) دەزگایە بەشێوەی لامەرکەزیی گرێدراوی بەڕێوبەرایەتییەکەن، ئەمەش وایکردوە فشارێکی زۆری کارکردن لەسەر بەڕێوبەرایەتییەکە هەبێت.

- بەگشتی دەزگا حکومییەکان پەیوەندییەکانیان لەگەڵ بەڕێوبەرایەتی گەنجینەی گەرمیان بە باش ناودەبەن، ئەگەرچی هەردولایان جەخت لەوەدەکەنەوە کە ناوبەناو کێشە و ئاستەنگ دێتە پێشەوە، بەلاَم نەبون بەهۆی وەستانی کاروبارەکان و خزمەتگوزارییەکان.

- زۆربەی کارەکانی بەڕێوبەرایەتیەکە بە شێوەی نوسراو و تەقلیدی دەکرێت، ئەگەرچی لەم ماوانەی رابردودا لایەنی ئۆنلاینیش داخل کراوە، بەلاَم گشتگیر نییە.

- بەڕێوبەرایەتی گەنجینەی گەرمیان کارەکانی بە لیژنە ئەنجام دەدات لە نێو خودی بەڕێوبەرایەتیەکە، جگە لەمەش نوێنەریان لە کۆی ئەو لیژنانەدا هەیە کە لە فەرمانگەکان پێکهێنراون بۆ هەندێک لە کارەکان.

- خودی بەڕێوبەرایەتیەکە چەندین کێشەی جیاوازی هەیە، لە نەبونی ئۆتۆمبیل و بینا و کۆگای گونجاو بۆ هەڵگرتنی دۆسیەکان و پێداویستی دیکە، کە کاردەکاتە سەر ئاستی خزمەتگوزارییەکان.

- ئەو ژمارە فەرمانبەرەی هەیە لە بەڕێوبەرایەتیەکەدا، بەوتەی بەرپرسانی بەڕێوبەرایەتیەکە، بەشی رایی‌کردنی کاروبارەکان بە خێرایی ناکات، هەروەک کێشەی کەمیی فەرمانبەری پسپۆڕی بواری ژمێریارییشیان هەیە.

- بەکەمی خولی راهێنان بۆ فەرمانبەران دەکرێتەوە، بەشێکی زۆریش پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ئیشوکاری بەڕێوبەرایەتیەکە زۆرە و ناپەرژێنە سەر ئەوەی فەرمانبەر بخەنە خولەوە.

## دووەم: ڕاسپاردەکان

١. بەڕێوبەرایەتی گەنجینەی گەرمیان، یەکێکە لە گرنگترین دەزگا حکومییەکانی بواری دارایی، چونکە هەمو بابەتێکی پەیوەست بە دارایی لە هەر فەرمانگەیەکی سنورەکە بەتایبەتی لە بواری داهات و خەرج، دەچێتەوە ئەم بەڕێوبەرایەتییە. ئەمەش وایکردوە فشارێکی زۆر لەسەر بەڕێوبەرایەتییەکە هەبێت.
بەڵام هەستی پێدەکرێت ئەوەیە کە بە قەدەر گرنگیی و زۆری ئیشوکارەکانی، پێداویستی بۆ فەراهەم نەکراوە، چونکە بەڕێوبەرایەتیەکە کێشەی زۆری بونیادیی هەیە، هەر لە نەبونی بینا و کەمی ستاف و نەبونی کۆگای باش و کەمی پێداویستی و... هتد.
بۆیە دەبێت حکومەت بارتەقای ئەو ئەرکەی خستویەتییە سەر بەڕێوبەرایەتییەکە، گرنگیشی پێبدات و کەشێکی وەهای بۆ بسازێنێت کە بتوانێت خزمەتگوزارییەکانی بەشێوەیەکی باشتر جێبەجێ بکات.

٢. پشت بەستن بە مامەڵەی تەقلیدیی و نوسراو و کاغەز، لەو کێشانەن کە هەم تێچونیان زۆرترە، هەمیش ڕۆتین، ئەمەش دواجار بە زیانی هاوڵاتیان بەگشتی دەکەوێتەوە. ئەگەرچی هەنگاو نراوە بۆ ئەوەی کار بە لایەنی ئەلیکترۆنی و ئۆنلاین بکرێت، پێویستە چ لەم بوارە و چ لە بوارەکانی دیکەش دا، حکومەت هەنگاوی جیدیی تر بنێت بەئاقاری کارکردن بە شێوازی ئەلیکترۆنی، بۆ ئەمەش پێویستە سیستەمی نوێ و ئاسان بخاتەکار کە لە یەک کاتدا ئیشوکارەکان ئاسانتر بکاتەوە و مامەڵەکانیش زوتر ڕایی بکات.

٣. کێشەی نەبونی فەرمانبەری پێویست لە گەنجینەی گەرمیاندا هەیە، ئەوەیشی وادەکات کێشەکە زەقتر بێت، زۆریی ئیش و بەرپرسیارێتی بەڕێوبەرایەتییەکەیە. بۆیە دەبێت حکومەت ئەمە بەهەند وەربگرێت و لەپاش دروستکردنەوەی ئەنجومەنی ڕاژەشەوە، گرنگە حکومەت پێداچونەوەیەک بکات و فەرمانگەکان بەپێی گرنگیی و پێویستیی پۆلێن بکات و فەرمانبەران بۆ ئەو دەزگایانە بگوازێتەوە کە فشاریان زیاتر لەسەرە و کارەکانیان لەپێشترە.

٤. بەگشتی دەزگا حکومییەکان لە مامەڵەی گەنجینەی گەرمیان ڕازیی بون، کە ئەمەش خاڵێکە دەبێت بەڕێوبەرایەتییەکە بەرەوی پێبدات و وابکات بەردەوام بێت، بەڵام کێشەیان لەوەدا هەبو کە زۆربەیجار وەکو پێویست پارەی پێویست و شایستەی خۆیان پێنادرێت، ئەمەش کێشەیەکە کە پەیوەندیی بە بەڕێوبەرایەتی گەنجینەوە نیە و لەلای بانکە، بانکی گەرمیانیش هۆکارەکەی بۆ کێشەی کەمی و نەبونی پارەی نەختینە دەگەڕێنێتەوە.
پێویستە حکومەتی خۆجێی گەرمیان ئەم بابەتە بەهەند وەربگرێت و کۆبونەوەی پێویست بکات و ئالیەتێک بدۆزێتەوە بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە، بەشێوەیەک ڕەچاوی دۆخی هاوڵاتیان و دادپەروەریی نێوان دەزگاکانیش بکرێت.

٥. دۆسیەکانی بەڕێوبەرایەتی گەنجینەی گەرمیان خراونەتە شوێنێکەوە کە بە کرێ گیراوە، بەڵام ئەم شوێنە وادیارە پارێزراو نییە و بەوتەی بەرپرسانی بەڕێوبەرایەتیەکە مەترسی لەسەرە. بۆیە دەبێت ئەم مەترسییە بەهەند وەربگیرێت و هەر کۆگایەک تایبەت دەکرێت بە هەڵگرتنی دۆسیەکان، بنەماکانی سەلامەتی و پارێزراویی تیادا جێبەجێ بکرێت.

٦. ئەگەرچی بەهۆی کەمی ستافەوە خولی پێویست بۆ فەرمانبەران ناکرێتەوە، بەڵام پێویستە ئالیەتێک بۆ ئەمە بدۆزرێتەوە و ئەنجامدانی خول بکرێت بە کارێکی بەردەوام، چونکە زانراوە کە لە ڕێگەی خولەوە ئاشنا دەبن بە زۆر میکانیزم و ڕێگای ئەنجامدانی مامەڵە و ئیشوکارەکان بەشێوەیەکی باشتر.

٧. زۆربەی بەڕێوبەرایەتیەکان کە پەیوەندیدارن بە بواری داراییەوە و لەنێویشاندا بەڕێوبەرایەتی گەنجینەی گەرمیان، هەستیارن لە بابەتی ڕاگەیاندنی داهات دا، هەموشیان هۆکارەکەی بۆ ئەوەدەگەڕێننەوە کە لە دەسەڵاتی ئەواندا نیە داهات ئاشکرا بکەن، لەکاتێکدا ئاشکراکردنی داهات بنەمایەکی زۆر سادە و سەرەتایی شەفافیەتە و تەنانەت دەبێت ڕۆژانەش ئاشکرا بکرێن نەک ئەوەی بشاردرێنەوە و ڕانەگەیەنرێن.

* ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:
١. زریان محەمەد
٢. سروە کەریم

بۆ پەیوەندی
٠٧٧٠١٩٢٣٦٦٢ - ٠٧٧٤٠٨٧٨١٥٣
Radiodeng@yahoo.com
yakaychawderigarmyan@gmail.com
www.radiodeng.net